## مەرج و ڕێنماییەگشتییەکانی پرۆگرامی مەرحەبا:

1- دەربارەی پرۆگرامەکە:

مەرحەبا پرۆژەیەکە دەکەوێتە چوارچێوەی کاری پرۆگرامەکانی (Erasmus Mundus Action 2 project) ، ئامانجی پرۆگرامەکە بەهێزکردن و باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەوروپا و وولاتانی ئێران، عێراق و یەمەن لەبواری خوێندنی باڵادا، لەڕێگەی ئەم پرۆگرامەوە دەتوانرێت ئاڵ و گۆڕی خوێندکار و ستافی زانکۆکان ئەنجامبدرێت لەنێوان زانکۆ بەشداربووەکاندا. لە ڕاگەیاندنی ئەمجارەی پرۆگرامەکەدا چوارچێوەی کاری برۆگرامەکە خۆی دەبینێتەوە لە ئاڵوگۆڕی خوێندکاران و ستاف لە وولاتانی ئەوروپاوە بەرەو ئێران و عێراق، وە هەروەها لە وولاتانی ئێران و عێراق و یەمەنەوە بەرەو وولاتانی ئەوروپا.

ئاڵوگۆڕەکە پێنج بوار لەخۆ دەگرێت بەپشت بەستن بە ئاستی بڕوانامە و خویندنی بەشداربوانی پڕۆگرامەکە.

- ✓ بەکالۆریۆس
- ✓ ماستەر
- ✓ دکتۆرا
- ✓ پۆست-دکتۆرا
- ✓ ستافی ئەکادیمی و کارگێڕی

پرۆژەکە سەرجەم خەرجییەکانی وەك تێچووی گەشت و خوێندن لەئەستۆ دەگرێت بەپێی بواری خوێندنی ئەو بەشداربووانەی هەڵدەبژێردرێن، سەرەڕای ئەوەی خەرجی مانگانەش دابین دەکات بۆ بەشداربووەکان لەماوەی مانەوەیان لە دەرەوەی وولات.

- €1000 بۆ خوێندکارانی بەکالۆریۆس یان ماستەر
- €1500 بۆ خوێندکارانی دکتۆرا
- €1800 بۆ خوێندکارانی پۆست- دکتۆرا
- €2500 بۆ ستافی ئەکادیمی یان کارگێڕی

داواکاران پێویستە مەرج و ڕێنماییەگشتییەکان بە ووردی بخوێننەوە بەرلەوەی داواکاری پێشکەش بکەن .

**مەرجە گشتییەکان:**

- ❖ پێویستە داواکار هەڵگری بڕوانامەی یەکێک لەووڵاتە ئەوروپییەکان بێت یان ناسنامەی ئەو ووڵاتانەی هەبێت کە شیاون بۆ بەشداریکردن پرۆگرامەکەدا.
- ❖ دەبێت زانیاری تەواویان هەبێت لەسەر زمانی بەکارهاتوو لەوزانکۆیەی داواکاریی پێشکەش دەکەن، تەنها بڕوانامە فەرمیەکان قبوڵدەکرێن وەک بەڵگەی پشت ڕاستکردنەوەی زانیاریەکان.
- ❖ سەبارەت بەو کاندیدانەی لەووڵاتە ئەوروپییەکان نین: دەرفەت نادریت بەوکەسانەی کە زیاتر لە ١٢ مانگ خوێندن و کارەکانیان لەووڵاتێکی ئەورووپی بەسەربردووە، ئەم یاسایە بەشداربوانی گروپی ٣ و ستافی ئەکادیمی ناگرێتەوە.
- ❖ کاندیدانی خوێندنی بەکالۆریۆس پێویستە لانیکەم ساڵێکی خوێندنیان تەواو کردبێت.
- ❖ کاندیدانی دکتۆرا و پۆست – دکتۆرا و ستافی ئەکادیمی پێویستە پەیوەندی بە سەرپەرشتیارەکانیانەوە بکەن لەو زانکۆیانەی کەدەیانەوێت تێیدا بخوێنن، بەمەبەستی بەدەستهێنانی نامەی ڕەزامەدنی لەلایەن زانکۆ و سەرپەرشتیارەکەیەوە.

**3-گروپەکان**

**پڕۆژەی مەرحەبا ڕێگە بەو بەشداربوانە دەدات کە سەر بە و ٣ گروپانەی لای خوارەوەن:**

**گروپی یەکەم (TG1) : بۆ کاندیدانی ئەو ووڵاتانەی کە لەپێشبڕکێکەدا هەڵبژێردراون لەیەکێك لە و زانکۆیانەی کە لە پڕۆژە هاوبەشەکەدا تۆمارکراون و سەربە کۆمەڵەکەن.**

**گروپی دووەم (TG2): ناردنی کاندیدەکان لە ئوروپاوە بۆ عێراق و ئێران دەبێت، وە بەپێچەوانەشەوە لە ئێران و عێراق و یەمەن بەرەو ئەوروپا، داواکارانی ئەم گروپە دەبێت هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بن و یان بڕوانامە ئەوروپیەکانیان هاوتاکرابێت،(ووڵاتانی عێراق و ئێران و یەمەن بەشدارنین لەم هاوبەشی پێکردنەدا).**

**گروپی ئامانجی سێیەم (TG3) : تەنها کاندیدە عێراقی و ئێرانی و یەمەنییەکان دەتوانن بۆ ئەم گروپە داواکاری پێشکەش بکەن. نەتەوەکانی دەرەوەی ووڵاتە ئەورووپیەکان،کە شیاون بۆ بەشداریکردن لە گروپەکەدا، بۆ ئەو کاندیدانەی لەبادروخێکی هەستیاردان لەبەرهۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی بەبەڵگەی باوەڕپێکراو کە لە پاڵێوراوەکان داواکراوە.**

بەپشتبەستن بە ناسنامەی بەشداربوان، پاڵێوراوان دەتوانن تەنها داواکاری پێشکەشبکەن بۆ گروپی تایبەت بەخۆیان بەجۆرێك:

- کاندیدانی ووڵاتە ئەوروپییەکان ناتوانن داواکاری پێشکەشبکەن بۆ گروپی ئامانجی ٣ (TG3)
- کاندیدانی ووڵاتی یەمەن ناتوانن داواکاری پێشکەشبکەن بۆ گروپی ئامانجی ١ (TG1)

ماوەی خوێندن:

ماوەی خوێندن بەپێی گروپەکان دەبێت بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی ئەکادیمی و ڕەگەزنامەی بەشداربووان،

| ووڵاتە ئەوروپییەکان | دەرەوەی ئەورووپا |
|---|---|
| بەکالۆریۆس ٦ مانگ | بەکالۆریۆس ٦ - ١٠ مانگ |
| ماستەر ٦ مانگ | ماستەر ١٨ مانگ |
| دکتۆرا ٦ مانگ | دکتۆرا ٦- ٢٢ مانگ |
| پۆست- دکتۆرا ٦ مانگ | پۆست- دکتۆرا ٦ مانگ |
| ستافی ئەکادیمی و کارگێڕی ١ مانگ | ستافی ئەکادیمی و کارگێڕی ١ مانگ |

## دوامۆلەت بۆپێشکەشکردنی داواکاری : ١٨/ ١/ ٢٠١٦

لەدوای ئەم بەرواره هیچ داواکاریەک وەرناگیرێت:-

6- بەڵگەنامە داواکراوەکان:

پاڵێوراوان پێویستە ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە بنێرن لەکاتی پڕکردنەوەی فۆرمەکەدا بەپێی ئەو ئاستەی کەتێیدا دەخوێنن :

بۆ پاڵێواراونی خوێندنی بەکالۆریۆس:

- وێنەیەک لە کۆپی پاسەپۆرت
- سیڤی کەسی بەشێوەی (European CV- Europass)
- Motivation letter (نامەی هاندان)
- بڕوانامەی بەکالۆریۆس (بە نمرە)
- ناوی بەرنامە و بواری خوێندن لەزانکۆی میواندار

- بەلگەی ئەندامبوون لە گروپی (١)

❖ ماستەر

- کۆپی پاسەپۆرت
- سیڤی (European CV- Europass)
- Motivation letter (نامەی هاندان)
- بڕوانامەی زمان
- بڕوانامەی بەکالۆریۆس
- بڕوانامەی بەکالۆریۆس (بەنمرە)
- ناوی پرۆگرامی خوێندن لەزانکۆکەدا، بۆ ئەم مەبەستە لە ناولیستی زانکۆکاندا بگەڕێ بۆ دۆزینەوەی ئۆفەر لەو زانکۆیانەی کە بەشدارن لە ئالۆ گۆڕەکەدا دواتر کۆپی بکەو لەفۆڕمی ئۆنلاین دابینێ.
- بەڵگەنامە و نامەی پشتگیریی زانکۆ و ئەندامبوون لە گروپی (١) دا، لەلایەن تۆماری زانکۆوە یان نامەی پشتگیری لەلایەن زانکۆی ئەندام لە کۆمەڵەکەدا دەبێت (ئەگەر پەیوەستبێت)

❖ دکتۆرا

- کۆپی پاسەپۆرت
- سیڤی بەشێوەی (European CV- Europass)
- بڕوانامەی زمان
- Motivation Letter (نامەی هاندان)
- بڕوانامەی بەکالۆریۆس
- بڕوانامەی بەکالۆریۆس ( بەنمرە)
- بڕوانامەی ماستەر
- بڕوانامەی ماستەر ( بەنمرە)
- ناوی پرۆگرام و پلانی خوێندن خوێندن لەزانکۆی میواندارد
- پرۆپۆزەڵی توێژینەوە و پوختەیەك دەربارەی توێژینەوەکە

- بەڵگەنامەی پشتگیری لەلایەن زانکۆی میواندار، لەم بەستەرەوە:
http://www.usc.es/marhaba/downloads
- بەڵگەنامەی ئەندامبوون لە گروپی (١) دا، یان لەلایەن تۆماری زانکۆوە دەبێت یانیش بەنامەیەکی پشتگیری لەلایەن زانکۆکەوە دەبێت. لەم بەستەرەوە: http://www.usc.es/marhaba/downloads
- بەڵگەنامەی ئەندامبوون لە گروپی (٣) (ئەگەر پەیوەستبێت)

❖ پۆست - دکتۆرا

- کۆپی پاسەپۆرت
- سیڤی بەشێوەی (European CV- Europass)
- بڕوانامەی زمان
- Motivation Letter (نامەی هاندان)
- بڕوانامەی دکتۆرا
- پوختەیەك دەربارەی توێژینەوەکەی
- بڕوانامەی ماستەر
- ناوی پرۆگرام و بواری خوێندن بەپێی پلانی خوێندنی زانکۆی میواندار، بۆ ئەم مەبەستە لە ناولیستی زانکۆکاندا بگەڕێ بۆ دۆزینەوەی ئۆفەر لەو زانکۆیانەی کە بەشدارن لە ئاڵو گۆڕەکەدا دواتر کۆپی بکەو لەفۆڕمی ئۆنلاین دایبنێ.
- پرۆپۆزەڵی توێژینەوە لەگەڵ پوختەیەك دەربارەی توێژینەوەکە
- بەڵگەنامەی پشتگیری و وەرگیران لەلایەن زانکۆی میواندار
http://www.usc.es/marhaba/downloads
- نامەی پشتگیریی ئەندامبوون لە گروپی (١) ( ئەگەر پەیوەستبێت) لەلایەن تۆمارەی زانکۆوە دەکرێت یان لەڕێی نامەی پشتگیرییەوە لەلایەن زانکۆی ئەندام لە کۆمەڵەکەدا دەبێت

❖ ستافی ئەکادیمی و کارگێڕی

- کۆپی پاسەپۆرت
- سیڤی بەشێوەی (European CV- Europass)
- بڕوانامەی زمان
- Motivation letter (نامەی هاندان)
- ناوی پرۆگرامی خوێندن یان بواری ڕاهێنان بۆ ئەم مەبەستە لە ناولیستی زانکۆکاندا بگەڕێ بۆ دۆزینەوەی ئۆفەر لەو زانکۆیانەی کە بەشدارن لە ئاڵو گۆڕەکەدا دواتر کۆپی بکەو لەفۆڕمی ئۆنلاین دایبنێ.
- پلانی خوێندن و کارکردن لەزانکۆی میواندار
- نامەی قبوڵ لەلایەن ئەو زانکۆی میواندار لەم بەستەرەوە : http://www.usc.es/marhaba/downloads
- بەڵگەنامەی باری گروپی (١) ، لەڕێی نامەی پشتگیری ئەندامبوون لە ستاف یان لەڕێی نامەی پشتگیرییەوە لەلایەن زانکۆی ئەندام لە کۆمەڵەکەدا دەبێت

ماوەی ڕاگەیاندنی قۆناغەکانی پڕۆگرامەکە:

| | |
|---|---|
| ڕاگەیاندنی پڕۆگرامەکە | ١٧/ ١١/ ٢٠١٥ |
| دوامۆڵەت بۆ پێشکەشکردنی داخوازینامە | ١٨/ ١/ ٢٠١٦ |
| هەڵبژاردنی کاندەکان | مانگی ١-٢، ٢٠١٦ |
| کۆبونەوەی لیژنەی هەڵبژاردن | مانگی ٤، ٢٠١٦ |
| ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان | مانگی ٥، ٢٠١٦ |
| ناردنی بانگهێشتنامە بۆ کاندیدە دەرچووەکان | مانگی ٥، ٢٠١٦ |
| داخوازینامەی ڤیزا | مانگی ٥-٨، ٢٠١٦ |
| دەستپێکردنی ئاڵوگۆڕی پڕۆگرامەکە | مانگی ٩، ٢٠١٦ |

بۆبەدەستهێنانی زانیاری زیاتر و چۆنیەتی پێشکەشکردنی داخوازینامە سەردانی ئەم لینکە بکەن:
http://www.usc.es/marhaba/call.htm